خوێنەری بەڕێز، ئەم بابەتە بریتیە لە کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی و پارتی سۆسیالدیموکرات لە دانمارك، نەروێژ و سوێد لەگەڵ سەرئەنجامگیریەك کە من بە سێ بەش پێشکەشتانی دەکەم. یەکەم بەش سەبارەت بە دانمارك و دووهەم سەبارەت بە نۆروێژ بوو، ئەمەش کە سێهەم بەشە سەبارەت بە سوێدە. ٢٠٠٧/١٢/٢٦

**ڕێبوار ڕەشید لە سوێدیەوە کردوویە بە کوردی**



# سۆسیالدیموکراتیی[1]

Socialdemokratiet

پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سوێد
Sveriges Socialdemokratiska Arbetarparti - SAP
[بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە سوێد]

گەشەی سۆسیالدیموکراتیی لە سوێد لە بەراوورد لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هاوئاهەنگیانە چووەتە پێش: [ئەڵبەت] هیچ جۆرە سەرکوپکردنێکی ئەو بزووتنەوە لاوە، وەکوو لە دانمارك ڕوویدا، لێرە ڕووی نەداوە، و هیچ جۆرە بادانەوەیەکی کتوپڕیش لە خەتی سیاسییدا، وەك ئەوی کە لە نەروێژ دیتمان، نەبووە. بێگومان دیاردەی لایەنی شۆڕشگێڕیی [زەبرئامێزیی/ زەبرپارێزیی][2] لە ئەگیتاسیۆنە سۆسیالیستیەکەی ئەم بزووتنەوەیەدا هەیە کە لە سەرەتای سالانی ١٨٨٠ ـ کانەوە دەستی پێکرد، و دامودەستگا سیاسیەکانی حوکمەتیش هەوڵیاندا لە ڕێگای هەڕەشە و سەپاندنی حوکمی زیندانەوە دژ بە سەرۆکەکانی بزووتنەوەکە ئەو ئەگیتاسیۆنە بووەستێنن. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا هەر یەك ساڵ پاش دامەزراندنی پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سوێد - Sveriges Socialdemokratiska Arbetarparti SAP ساڵی ١٨٨٩ ئەوا هات و کاندیداتۆری (بەرئەندامی) خۆی بۆ هەڵبژاردنی پارلەمان دەستنیشان کرد، و کۆنگرەی پارتیش هەڵوێستێکی ڕوونیی سەبارەت بە خەتێکی ڕیفۆرمیستیی و ستراتیژیی پارلەمانیی هەبوو، و هەروەها دیاردەی زەبرگیریی ئانارشیستیانەیشی مەحکوم کرد.

زۆربایەتیەکی گەورە لە ناو پارتیدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەورازەڕێی زۆر جیددی لەسەر ڕێگای خەباتی سیاسیی و سەندیکایی هەبوون، ئەوا لە ناو هەموو سەردەمی بناخەدارشتنەکەدا[3]، لەسەر ئەم خەتی ڕیفۆرمیستیی و پارلەمانییە وێستان و بەردەوام بوون. هۆیەکی گەورە لە پشت ئەو گەشەیە تا ڕادەیەك هاوئاهەنگ و ڕیفۆرمیستییەوە کە لەم پارتەدا هەبوو ئەوەبوو کە پارتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٨٨٩ دا خاوەنی هەمان سەرۆك بوو. ژێلمار برانتینگ Hjälmar Branting سەرۆکێك بوو کە خەسڵەتی ڕۆشنبیری و ڕەووشتی نایابی تەنانەت لە لایەن دژەکانی لە ناو پارتیشدا و لە دەرەوەی پارتیش دەسەلمێنرا. ئەو بەردەوامیە بەهێزەی ناو سەرۆکایەتی پارتی یەکێکە لەو شتانەی کە سۆسیالدیموکراتی سوێد لە سۆسیالدیموکراتیی نۆروێژ و دانمارك جیا دەکاتەوە. هەروەها

---

[1] Skandinavisk arbetarrörelse, Schmidts Boktryckeri AB, Helsingborg 1980, Nils Elvander. S. 43

[2] وەکوو لەوەبەر چەندی جار ئاماژەم پێکردووە ئەوا چەمکی شۆڕشگێڕیی لە مانا کۆمەڵایەتیە بەربڵاوەکەیدا لە بە مانای "گەرموگوڕ، توندوتۆڵ، پڕ هەستونەست" دێت، بەڵام لە مانا ئایدیۆلۆژیەکەیدا تەنها و تەنها بە مانای قبووڵکردنی پرینسیپی "زەبرگیریی / زەبرئامێزیی/ زەبرپارێزیی" دێت.

[3] بڕوانە ئەو وتارانەی سەبارەت بە **"سەردەمی بناخە دارشتن** Grundläggningstiden" لە ماڵپەڕی "دەنگەکان" www.dengekan.com، "هەڵوێست" www.helwist.com و پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان www.psdkurdistan.org بڵاوبوونەتەوە.

بنەچەی کۆمەڵایەتی جیاوازی سەرۆکەکانیش هەر بە هەمان شێوە. کاتێك کە سەرۆکەکانی دانمارك و نۆروێژ، لەگەڵ ستاونینگ Satuning و ترانمێل Tranmael لە ژینگەی کرێکاریی و کاری دەستییەوە هاتبوون، ئەوا برانتینگ خاوەنی پێشینەیەکی ڕۆشنبیریی ئاکادیمیی بوو، و چەند یەکێکی دیکەش لە ناو ڕابەرانی سۆسیالدیموکراتیی سوێددا هەر بە هەمان شێوە بوون. کارێکی نەشیاوە کە ئەم "فاکتەری وەرگرتنە" بۆ هێزی سۆسیالدیموکراتیی سوێدی هەڵبسەنگێندرێت، بەڵام ئەوە ناشیاو نییە بزانین کە ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە گفتوگۆی ئایدیۆلۆژیی ناو سۆسیالدیموکراتییدا بووبێتە هۆی ئەوەی کە سەنگەرێکی بەهێزتر بە سۆسیالدیموکراتیی سوێد بدات لە بەراووردی وڵاتە دەراوسێکان. ئەمە جیاوازیەکە کە هەروەها سۆسیالدیموکراتەکانی نۆروێژ و دانمارك هەمیشە باسیان کردووە. ڕەنگە ئەوەش دەوری خۆی گێڕا بێت کە هاتن و وەرگرتنی ڕابەرە سۆسیالدیموکراتەکانی سوێد لە گۆڕەپانێکی بەربڵاوتری کۆمەڵایەتیدا بووە و ئەمە بووبێتە مایەی ئەوەی کە پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سوێد بتوانێت لە پارتە دەستەخوشکەکانی زیاتر هەوادار لە دەرەوەی چینی کرێکارانیشدا لە خۆی کۆبکاتەوە.

هەر بە ڕاستیش خودئاگایانە بەگرینگی دانانی مووچەخۆران وەك توێژێکی ناوەند لە نێوان چینی کرێکاران و چینی بورژوازیی سەرمایەداریەوە هەر ئەو کاتە لە یەکەم پرۆگرامی پارتی ساڵی ١٨٩٧ دا باس کراوە. ئەم کارە لادانێکی ڕوونە لە مارکسیزمی ئۆرتۆدوکسی جۆری ئەڵمانی، کە دەنا لەو کاتەدا هەرە یەکەمین سەرچاوەی سرووشی (ئیلهامی) ئایدیۆلۆژیی پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سوێدە. بەڵام بێگومان ئەو چینی کرێکارەی کە لە سەندیکادا ڕێکخراو بوو بناخەی پارتی کرێکاران بوو لە سوێد، هەروەك لە وڵاتانی دەراوسێیش وابوو. بزووتنەوەی کرێکاریی هەر لە ساڵی ١٨٨٠ ـ ەوە زۆر بە توندی بەو بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیەوە گرێدراو بوو کە تا دەهات گەورەتر و گەورەتر دەبوو. لە سوێد ڕەقابەت (کێبڕکێ) لەسەر ڕێکخستنی کرێکاران لەگەڵ پارتێکی بورژوازیی بەو شێوەیەی کە لە نۆروێژ و دانمارك هەبوو بەهێز نەبوو. بەکۆمەڵ بەئەندامبوون لە سوێد هەر زوو مانای تەواوی خۆی پەیدا کرد. بەکۆمەڵ بەئەندامبوون لە سوێد هەرگیز ڕانەوێستێنرا وا بەو شێوەیەی کە بە هەمیشەیی بۆ هەتاهەتایی لە دانمارك و بە کاتییش لە نۆروێژ سەپێندرا و بە پێچەوانەوە، لە پێوەندی لەگەڵ دامەزراندنی لاندسئۆرگانیزاسیۆن (ڕێکخراوی وڵات LO - Landsorganisation) لە ساڵی ١٨٩٨ دا، ئەوا پێوەندبەستنی سەندیکاکان لەگەڵ پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سوێددا کرا بە مەرجێك بۆ توانین لە بەئەندامبوون لە لاندسئۆرگانیزاسیۆندا. ئەڵبەت ئەم کارە زۆرەملێیە پاش دوو ساڵ لابرا، بەڵام بەکۆمەڵ بەئەندامبوونی دڵخوازانەی سەندیکاکان هەر یەك بۆ خۆی – بە مافی تاکەکەسەوە بۆ خۆوەدوورگرتن (بۆ بەئەندامن نەبوون) – هەر لە سەرەتای ساڵانی ١٩٠٠ ـ کانەوە بووە بە بڕبڕەی پشتی ساختاری ڕێکخراوەی پارتی. هەر ساڵی ١٩١٢ نێزیکەی لە ٨٠٪ (هەستا لە سەد) لە ئەندامانی پارتی بە کۆمەڵ بووبوون بە ئەندام و مافی ئەندامێتیان وەرگرتبوو، و ئەوەش بریتی بوو لە نێزیکەی نیوەی ئەندامانی لاندسئۆرگانیزاسیۆن (ڕێکخراوی وڵات LO - Landsorganisation).

بزووتنەوەی سەندیکای سوێدیی لەلایەکەوە ساختارێکی زیاتر زۆرینەیی هەبوو وەك لە هی دانمارك و لە لایەکی دیکەوە ساختارێکی کەمتر بەهێزی سێنترالیستیی هەبوو وەك لە هی نۆروێژیی. بەو شێوەیە هێزێکی توندتر و گەورەتری بەرەنگاربوونەوەی (مقاوەمەتی) ڕوو بە دەرەوە هەبوو و هێزێکی زۆریش ڕوو بە ناوەوە؛ لە مەترسی دیاردەی لێکترازان و لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆی ناسێنترالیزم زۆرتر پارێزاو بوو وەك لە بزووتنەوەی کرێکاریی وڵاتانی دەراوسێ. لاندسئۆرگانیزاسیۆن بە پێی یەکەمین پێڕەووپرۆگرامەکانی خۆی ڕێکخراوێکی ناوەندیی (سێنترالیستی) تا ڕادەیەك لاواز بوو؛ بۆ نموونە بۆی هەبوو تەنها لە کاتی لەخۆبەرگریکردندا یارمەتی سەندیکاکان بدات.

سەرەتایەك ڕووەو ناناوەندگیریی (ناسێنترالیزمی) ڕاستەقینە - کە یەکێك لە نیشانەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو کە لە نێوان لاندسئۆرگانیزاسیۆن (ڕێکخراوی وڵات (LO - Landsorganisation و کۆمەڵەی خاوەنکاران Arbetsgivareföreningen دا ساڵی ١٩٠٦ ئیمزا کرا نێزیکەی بە هەمان ناوەڕۆکەوە کە لە ڕێککەوتنی سێپتەمبەری دانمارك ساڵی ١٨٩٩ و ڕێککەوتننامەی مێتاڵ ساڵی ١٩٠٧ هەبوو – بە هۆی مانگرتنەگشتییە گەورەکەی ساڵی ١٩٠٩ ـەوە وەستێنرا.

مانگرتنە گشتییە گەورەکە خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی سەندیکایی، نیوەی ژمارەی ئەندامان لە کیس چوون – ڕێکخستنێکی سەندیکالیستی ڕەقابەتکار، واتە ڕێکخراوی ناوەندی کرێکاری سوێد SAC – Sveriges Arbetares Centralorganisation ساڵی دوای ئەوە دامەزرێنرا. ئەم ڕێکخراوە سەندیکالیستیە لە هەزار ئەندامێکەوە تا ساڵی ١٩٢٠ گەورە بوو بۆ نێزیکەی ٣٢ هەزار ئەندام.

ناتوانرێت بە تەواوی جەخت لەسەر مانای ئەو مانگرتنە گشتیە گەورەیە بۆ/ لەسەر گەشەی بەردەوامی بزووتنەوەی کرێکاریی بکردرێت، ئەگەرچی لەکیسچوونی ژمارەی ئەندامان هەر زوو هاتەوە جێی خۆی ئەوا گەشەی ڕووەو گفتوگۆی ناوەندی و سیستەمێکی یاساییانەی مافی کار لە جۆری دانمارك لە نێزیکەی سێ دەیەدا (سی ساڵدا) دوا خرا. کاریگەریەکی دیکەی گرینگتریش – لە ڕووانگەی سۆسیالدیموکراتیەوە - ئەوە بوو کە ڕابەرایەتی لاندسئۆرگانیزاسیۆن وایان لێهات کە تا بلێی وریاتر بەرخوردیان دەکرد لە بەکارهێنانی چەکی مانگرتنی گشتیی گەورەدا، جا چ بۆ مەبەستی سیاسیی بووایە یان سەندیکایی. کە ڕابەرانی لاندسئۆرگانیزاسیۆن نەیاندەویست تەنانەت لە کاتی قەیرانی سیاسیی جیدی و گەورەشدا هێز و پێکەوەبوونی ڕێکخراوەکە بخەنە مەترسیەوە، هەروەکوو بەو زووانە دەیبینین، لەو کاتەدا دەرکەوت کە خەبات لە پێناوی دیموکراتیدا لە ساڵی ١٩١٨ دا چووە ناو ئەو قۆناخی کۆتاییە چارەنووسسازەوە کە بەرقەرا بوو. ئەگەر بێت و لەگەڵ نۆرویژ بەراووردی بکەین، کە لەوێ دۆڕانێکی مانگرتنی گشتیی لەو شێوەیە ساڵی ١٩٢١ ڕوویدا، ئەوا مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە مانگرتنە گشتیەکە لە سوێد بوو بە هۆی داکوتانی خەتی ڕیفۆرمیزم لە بزووتنەوەی کرێکارییدا، ئەویش لەبەرئەوەی کە لە قۆناخێکی زوودا ڕوویدا [نەك درەنگ]، کە وای کرد ببێت بە هۆی لێدانی زەنگێکی ئاگاداریی کاتێك کە لاندسئۆرگانیزاسیۆن و پارتی لە نێوان ساڵی ١٩١٧ -١٩١٨ دا دووچاری فشاری ئەو فەزا شۆڕشگێڕییە [بڕووابوون بە زەبرئامێزیی] بوون کە ئەو کاتە هەبوو.

هێزی بزووتنەوەی کرێکاریی و دەرسەکانی مانگرتنە گشتییەکە یەکەمین هۆی سەرەکین بۆ ئەوەی کە ڕابەرایەتیە ڕیفۆرمیستیەکەی ناو ساڵانی شۆڕشی ١٩١٧-١٩١٨ بتوانێت جڵەوی بەشی زۆربە لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە. فاکتەرە بڕیاردەرەکەی دیکە فاکتەرێکی سیاسییە؛ ئەویش ئەو هاوکاریکردنە بوو لەگەڵ لیبراڵەکان لەو خەباتە درێژ و سەختەدا کە بۆ هێنانەدی دیموکراتی دەکرا. لێرەدا سوێد لە دانمارك دەچێت، بەو جیاوازیە گەورەیەوە کە پارلەمێنتاریزم و مافی دەنگدانی گشتیی لە سوێد زۆر درەنگتر پیادە کرا. پێکەوە بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکەدا لەگەڵ لیبراڵەکان هەر لە ساڵی ١٨٩٠ ـەوە دەستی پێکرابوو و هەتا چەند ساڵێکی سەرەتای سەدەی نوێیش بەردەوام بوو. ژێلمار برانتینگ لەسەر لیستێکی لیبراڵەکان لە ستۆکهۆڵم هەڵبژێردرا بۆ نهۆمی دووهەمی پارلەمان. هاوکاریەکی پارلەمانی هەر لە ساڵی ١٩١١ ـەوە دەستی پێکردبوو، ئەوە کاتێك بوو کە هەردوو پارتە چەپەکە هەڵبژاردنێکی گەورەیان بردەوە. لەم هەڵبژاردنەی نهۆمی دووهەم و ئەوی دوای ئەمدا سۆسیالدیموکراتەکان نوێنەرایەتیەکی تەواو دروستیان وەرگرت ئەویش بە هۆی ئەو شێوەیە لە هەڵبژاردن کە بە پێی ژمارە بوو. کارل ستاف Karl Staaff ـی ڕابەری لیبراڵ لەو حوکمەتەدا کە پاش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩١١ دروستی کرد هەندێك جێگای بە سۆسیالدیموکراتەکان دا. ژێلمار برانتینگ لەبەر ئەو باڵە چەپەی کە لە ناو پارتیدا هەبوو ئەمەی قبوڵ نەکرد، بەڵام هەر ساڵی ١٩١٤ زۆربەی

زۆری دەنگی کۆنگرەی پارتی بۆ ئامادەبوونێکی پرینسیپی دەست کەوت کە هەر کاتێك دۆخەکە گەییشت بتوانن بەشداریی لە "حوکمەتێکی چەپدا" بکەن. ئەو کاتەی حوکمەتی چەپ کە گەییشت ساڵی ١٩١٧ بوو، بەڵام لە پاشدا دەست کرا بە پیادەکردنی فۆرمی دەستوور، و هەردوو پارتەکە هەریەکەی ڕێگای جودای خۆیان لە پرسی ئابوورییدا گرتە بەر. حوکمەتی هاوپەیمان ساڵی ١٩٢٠ کۆتایی پێهات و پاش ئەوە هاتنەسەرکاری یەکەم حوکمەتی زۆربایەتی سۆسیالدیموکراتی بەسەردا هات. هاوکاریەکە لەگەڵ لیبراڵەکان نێزیکەی ٢٠ (بیست) ساڵ پاش ئەوی نۆروێژ کۆتایی پێهات. ئەو کاتە پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سوێد گەیشتبووە کورسی حوکم، ئەویش لەبەرئەوەی کە ئەو ئیسۆلیزە و هەڵاواردنە سیاسییە کە دووچاری ئاربایدەر پارتیەت هات، لێرە لە سوێد بەو شێوەیە نەبوو.

هەر لە سەرەتای سەدەوە هەتا ساڵی ١٩١٧ باڵێکی چەپ لە ناو پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سوێددا هەبوو کە شایانباسانە لەو جۆرە بەهێزتر بوو کە لە ناو پارتی سۆسیالدیموکراتی دانمارکدا هەبوو. بەڵام هاوکاتیش لەو ئۆپۆزیسیۆنە چەپە سەرکەوتووەی نۆروێژی نەدەکرد. مەبەستی/ ئامانجی هەرە یەکەمینی ئەم باڵە چەپە ئەوە نەبوو کە بزووتنەوەی سەندیکایی ڕیفۆرمیزە بکات – لەوێدا سەنگەری زۆر بەهێز نەبوو – بەڵکو بۆ ئەوەبوو کە کۆتایی بە هاوکاریی سۆسیالدیموکراتەکان لەگەڵ لیبراڵەکان بهێنێت. هەر لەو کاتەوە کە "سۆسیالیستە لاوە" ئانارشیستەکان ساڵی ١٩٠٨ لە پارتی وەدەرنران، ئەوا گرووپگەلی گەورە لە ناو ئەو کۆمەڵەی لاوانی سۆسیالدیموکراتیيە نوێیەی ساڵی ١٩٠٣ ("لاوەدیموکراتەکان") لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆی پارتیدا ناوك بوون. ئەم کۆمەڵەی لاوانە لە ژێر ڕابەرایەتی ز. هوێگلوند Z. Höglund ساڵی ١٩١٢ باڵێکی لە ناوخۆی پارتی بۆ خۆی دروست کرد؛ فاکتەرە بزوێنەرەکە لە پشت ئەم کارەوە هاوکاریەکەی ژێلمار برانتینگ بوو لەگەڵ کارل ستاف Karl Staaff، بەڵام ململانێی سەبارەت بە هێزی بەرگریی [سوپا] هەروەها ڕۆڵێکی گرینگی بینی. لە ڕووی ئایدیئۆلۆژیەوە سۆسیالیستە چەپەکان کۆمەڵێکی فرە لایەن بوون؛ لەوێدا مۆرکی ئایدیالیزمێکی ئیتوپی و ڕۆمانتیکی شۆڕشگێڕانە هەبوو، کە لە ڕاستیدا ڕەگی دەگەڕایەوە بۆ ناو بیری نەریتی ڕادیکالیزمی بورژوازیی وەك لەوەی بچێتەوە سەر مارکسیزم. ئاراستەی زۆربایەتی ژێلمار برانتینگ لە ڕاستییدا زیاتر وەفادارانە مارکسیستی بوو، کاتێك کە هەوڵی شۆڕشی "ناگەیوی" ڕەت دەکردەوە کە هیچ بناخەیەکی لە پێشکەوتن و گۆڕانکارە ئابووریەکەدا نەبوو. بەڵام هەروەها ژێلمار برانتینگیش خاوەن میراتێکی بیرگەل بوو کە هی ڕادیکالیزمی ساڵانی ١٨٨٠ ـکانی بورژوازیی بوو، و دیموکراتیزمی پرینسیپیانەش لەلای ئەو خۆی و هەوادارانی هەرە لەمپەری ئایدیۆلۆژی بوو دژ بە هەموو جۆرەکانی بیرگەلی شۆڕشگێڕیانە [زەبرئامێزانە].

لە بەهاری ساڵی ١٩١٧ دا پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سوێد لە ناوخۆدا تەقیەوە لەو ڕێگایەوە کە ئۆپۆزیسیۆنە چەپەکەی ناوخۆ پارتی بەجێهیشت و سەربەخۆ پارتێکی سۆسیالیستی چەپی دامەزراند. لە پاییزی هەمان ساڵدا کۆمەڵەیەکی لاوانی سۆسیالدیموکراتی ( SSU – Socialdemokratiskt ungdomsförbund) نوێی وەفادار بە خەتی پارتی دامەزرێندرا. لەناوخۆدا تەقینەوەکەی پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سوێد بەو مانایە هات کە نێزیکەی دە هەزار (١٠٠٠٠) ئەندامی لە کۆی سەدوچواردەهەزار (١١٤٠٠٠) ئەندام لە کیس چوو، و هەروەهاش لە کیسچوونی ١٥ ئەندامی پارلەمان و ٢ مەڵبەندی پارتی لە هەرە سەرووی ناوچەی نۆرلاند. سۆسیالیستە چەپەکان لەگەڵ گرووپگەلی ئانارشیستی و سەندیکالیستیدا لە بەهاری ساڵی ١٩١٧ دا ڕابەرایەتی زۆربەی زۆری ئەو مانگرتنی خۆبرسیکردنە کتوپڕییانەیان گرتە دەست و پێکەوە بزووتنەوەیەکی شورایی کورتخایانی (ماوەکورتی) بێهێزیان دەستپێکرد – لە بەروورد لەگەڵ نۆروێژ – و داوای دووپاتبووەیان بۆ مانگرتنی گشتیی دەکرد.

بەڵام هیچ ئامادەکاریەکی ڕێکخراو بۆ شۆڕش کردن نەبوو، و گرووپە چەپەکان نەیانتووانی هیچ کاریگەریەکیان لەسەر بزووتنەوەی سەندیکایی هەبێت. سەرۆکایەتی لاندسئۆرگانیزاسیۆن شێلگیرانە جەختی دەکرد کە مانگرتنی گشتیی سیاسیی ڕەت دەکاتەوە، ئەوەش کۆمەکی بە ژێلمار برانتینگ کرد کە دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات. بەڵام لەلایەکی دیکەوە سەرۆکایەتی پارتی لەوە نەدەپرنگایەوە کە ئاماژە بە هەڕەشەی شۆڕش بکات ئەگەر بەری ڕاست ئامادەنەبوونیان بۆ ڕێککەوتن لە پرسی دەستووردا نیشان بدایە. ترس لە ڕوودانی ڕووداوی شۆڕشگێڕانە لەوە دەچێت کۆمەکی بە ترساندنی بەری ڕاست کردبێت کە لە پایزی سالی ١٩١٨ دا واز لە بەرهەڵستکردن دژ بە پرۆسەی دیموکراتیی بهێنن. ڕیفۆرمی دەستوور بە مەرجی ژێلمار برانتینگ و لیبراڵەکان پیادە کرا؛ داوای سۆسیالیستتەچەپەکان بۆ هەبوونی دەوڵەتی کۆمار و پارلەمانی یەکنهۆمیی ڕەتکرایەوە. ئەوی بۆ سۆسیالیستەچەپەکان مایەوە هەر ئەوە بوو کە پەنا بەرنە بەر خەباتێکی درێژخایان بۆ شۆڕشێکی کۆمۆنیستیی. سالّی ١٩١٩ چوونە ناو ئینتەرناسیونالیستی کۆمۆنیستەوە (کۆمئینتەر) و و تیایدا بوون بە ئەندام.

## سەرئەنجامگرتن

کاتێك بزووتنەوەی کرێکاریی لە کۆتایی سەدەی ١٨ لە وڵاتانی سکاندیناڤیا سەری هەڵدا لە هەموویاندا نێزیکەی هاوڕووخسار بوو: لە هەر سێ وڵاتەکان پارتی سۆسیالدیموکراتیی لەسەر بناخەی بزووتنەوەی سەندیکایی لەنگەری گرتبوو، ئایدیۆلۆژیەکی مارکسیستیی و ستراتیژیەکی ڕیفۆرمیستیی گرتبووە خۆی، و ماوەیەکی کەم پاش دامەزراندنی هاوکاریکردنەکەیان دەستی پێکرد کە لەگەڵ لیبراڵەکان کار بۆ نوێنەرایەتیەکی پارلەمانیی و دیموکراتیەکی تەواو پیادەکراو بکەن. بەڵام پاش کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم دەبینین کە هەر سێ پارتەکە خۆیان لەسەر ڕێگای جیاوازی گۆڕان و گەشە دەبیننەوە. لە دانمارك سۆسیالدیموکراتیی بە توندیی لەسەر خەتێکی ڕیفۆرمیستی زۆر مامناوەندی و خۆگر دەمێنێتەوە لەگەڵ هاوکاریی بەردەوام لەگەڵ پارتێکی لیبراڵ. پارتی کرێکاریی نۆرویژ ڕووخسارێکی تەواو جودا نیشان دەدات لەو ڕووەوە کە خۆی بە ئایدیۆلۆژیەکی سەندیکالیستیی و بە ستراتیژیەکی تا ڕادەیەك شۆڕشگێڕانە [باوەڕبوون بە زەبر] دەبەستێتەوە. سۆسیالدیموکراتیی سوێدیی لە سەرخەتێکی لە بەینی ئەو دووانەدا ناوەڕاست دەوێستێت: ڕیفۆرمیزمێکی بەردەوامی دوودڵ، بەڵام لەوی دانمارك رادیکالتر، و بێ هیچ هاوکاریەك لەگەڵ لیبراڵەکان کە ئیتر کاتێك دیموکراتیی بە تەواوی پیادە کرا. هەرچی سەبارەت بە هێزی سیاسییە ئەوا هەر سێ پارتەکە نێزیکەی لەسەر هەمان ئاستن: بە نێزیکەی پاڵپشتیی لە دووسێی ژمارەی هەڵبژێردەرانەوە ئەوا هەموویان خاوەن پێگەی گەورەترین پارتین لە وڵاتدا.

بەڵام سەرباری ئەو لێکچووییەش لە هێزی سیاسییدا سالانی ١٩٢٠ ـ ەکان ئەوا بارودۆخ بۆ هێزی ئاییندە تا ڕادەیەك، بە پێی خەتی گۆڕان و گەشەی جیاوازی پارتەکان و ئەو فاکتەرانەی کە لە پشت ئەو جیاوازیانەوەن، جیاوازە. لە لایەکەوە لە دانمارك ئەو نەریتە ڕیفۆرمیستیە سەقامگیرە و تا ڕادەیەك دژنەوێستراوە هێزێك پێك دێنێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ڕیسکی ڕەنگپەڕینێکی ئایدیۆلۆژیی لەو هاوکارییە نێزیکەدا هەیە کە لەگەڵ پارتێکی بورژوازیی دەکردرێت. گەورەترین فاکتەری لاوازیی سۆسیالدیموکراتیی دانمارك ڕەنگە هەم ئەو ساختارە بێت کە ڕەنگی کاری پیشەیی دەستی و لێکترازانی بزووتنەوەی سەندیکایی دەداتەوە - کە زۆر بە زەحمەتیش چارەسەر دەکرێت چونکە کە پێوەستە بە ساختاری کەرتی بازرگانیی و ئالوگۆڕەوە – و هەروەها نەبوونی بەکۆمەڵ بەئەندامبوونیش. بەڵام لە ئارادابوونی پێوەندیی توند و قایم بۆ هەبوونی بزووتنەوەیەکی کرێکاریی یەکدەنگ و بەهێز کە لەسەر کەرتێکی پیشەسازیی بەهێزی خێرا گەشەکردوو لەنگەری گرتووە،

گەورەترین سەرچاوەی هێزی سۆسیالدیموکراتیی سویدیە. ئەمە زۆر بە ڕوونیی لە "سالانی شۆڕش" نێوان ١٩١٧ – ١٩١٨ خۆی نیشاندا. ئەو لێکجودابوونەوەیە ڕووەو چەپ کە بێگومان لەوە گەورەتر بوو کە دانمارك ڕوویدا، بەڵام لە ڕێگای هەبوونی خەتێکی ڕیفۆرمیزمی ڕەگداکوتاو کە لە ئاراستەی زۆربایەتیدا هەبوو، و هەروەها لە ڕێگای ئەو قسەڕۆیشتوویی و دەستڕۆییەوە کە سەرۆکایەتی پارتی هەیبوو، وەڵامی ئەم لاوازبوونە و کەرتبوونە درایەوە. لە نۆروێژ، ئیسۆلەکردنی سیاسیی درێژخایانی ئاربایدەرپارتی – کە بێگومان بە هۆی سەرکەوتنی لایەنە ڕادیکالەکەی ناویەوە زیاتریش توند بوو – بوو بە هۆی ئەوەی کە بەهێزبوون و گەشەیەکی ئایندەیی زەحمەت و دژوار بکات. لەوەش زیاتر ئەوە تۆوێك بوو کە هەروەها لە ناو پارتەکەدا بووە مایەی لێکترازاندن کاتێك کە ڕادیکالەکان دەستیان بەسەر پارتیدا گرت.

ئێمە بینیمان گەشەی ئەو سێ پارتە کرێکارییە بە هۆی خەتە سەرەکیەکانی ناو گۆڕانکاریە ئابووریی و سیاسییەکانەوە چەند لە یەکتر نێزیك بوون. ڕەنگە وا پێ بچێت کە ڕێکخراوە، ئایدیۆلۆژی و سیاسەتی ئەو پارتانە لەوەبەر بە هۆی ساختاری کەرتی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ و بە هۆی ئەو ساتەوەختەی کە دەستپێکردنی پرۆسەی پیشەسازیبوونی تیادا سازا وخێرایی ئەو ڕەوتە و هەروەها بە هۆی پلەی جیاوازی درێژخایانی و توند و تۆکمەیی خەباتی بەدیموکراتیکردنەوە هەر لە ئەسڵدا چارەنووسدیار بووبن. بەڵام دیارە کە بێگومان هۆکارەکانی پشتی ئەم گەشە و گۆڕانە زۆر لەوە زیاتر ئاڵۆزە. دیارە کە فاکتەری هۆکار ژمارەیان لەوانە زیاترە کە ئاماژەمان پێکردن، و کە لە ناو ئەو سێ پارتەدا هەمیشە مەجال بۆ بەرخورد و هەڵسوکەوتی تاکەکەسیانە لەسەر ئاستی جیاواز هەبووە. هۆیەکانی پشت ئەو جیاوازیە گەورانەی نێوان ئەم پارتە کرێکاریانەی وڵاتانی سکەندیناڤیا کە لە سەرەتای سالانی ١٩٠٠ ـەکاندا دەردەکەون بریتیە لە کێشەیەکی کۆمەڵناسیی شوورئەنگیز کە لە مێژە سەرنجی لێتوێژەرەوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. وەك کۆتاییپێهێنانێك بۆ ئەم بەشە من هەوڵدەدەم کورتەباسێك دەربارەی ئەم گوتوبێژە زانستیە بخەمە بەردەست.

ساڵی ١٩٢٣ مێژوونسی نۆورویژیی ئێدوارد بوڵ Edvard Bull (کە خۆی ئەندامێکی ناسراوی ئاربایدەرپارتیەتە) دارشتنێکی لەسەر بزووتنەوەی کرێکاریی لە سکاندیناڤیا ١٩١٤ – ١٩٢٠ نووسی. لەوێدا بوڵ گوتوبێژ لەسەر ئەو هۆیانەی پشت جیاوازیی ئایدیۆلۆژیی دەکات کە لە نێوان ئەو سێ پارتەدا هەیە. بوڵ ئاماژە بە گەلێك شت دەکات لەوانە ئەو جیاوازیانەی کە لە ساختاری پیشەسازیی و لە پرۆسەی بەپیشەسازیکردندا هەبوون و دەست دەخاتە سەر ئەو پیشەسازیە گەورەیە کە لە نۆروێژ بە وزەی ئاو دەگەڕا و کە پاش ساڵی ١٩٠٥ بووە بە مایەی دروستکردنی چینێکی کرێکار کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بێ ڕەگ و لەبەرئەوەش بیر شۆڕشگێڕ بوو کە بە هاسانی کەوتە ژێر کاریگەریی ئەگیتاسیۆنی ئاراستەی ترامێل. ئەم بیرانەی بوڵ لەلایەن واڵتەر گالیۆنسەن Walter Galenso کە لێتوێژەرەوەی بزووتنەوەی سەندیکایی ئەمەریکاییە پێشوازیی لێکرا و لە سالانی ١٩٥٠ دا لە ڕێگای ئەو کتێبانەیەوە کە سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاریی نۆروێژی و دانمارکە گەیەندرا بە جەماوەرێکی نێونەتەوەیی. بەو شێوەیە ئەوەی پێی دەگوترا تێزی بوڵ – گالیۆنسەن سەبارەت بە پێوەندی هۆکار لە نێوان بەپیشەسازیکردنی خێرا لە یەکەی گەورەدا، لە "بێرەگکردنی" کۆمەڵایەتی و بە سیاسیکردن و ڕادیکالیزەکردنی ئەو گرووپە کرێکاریانەی لەو پێوەندیەدان، دەبێت بە موڵکێکی گشتیی لە کۆمەڵناسیی سیاسییدا؛ ئەم پێوەندیە پێ لەسەرداگیراوە بوو بە شتێك کە نێزیکەی وەك یاسایەکی سرووشتیی کۆمەڵناسیی لێی دەگەیرا.

بەڵام تا سەرەتای سالانی ١٩٧٠ ـ کانی خایاند تا تاقیکردنەوەیەکی ئیمپیریکی (ئەزموونی/ تەجریبیی) گەورە لەسەر ئەو تێزە پەیدا بوو. ئەویش سیاسەتزانی ئەمەریکایی، ویلیام ئێم

لافەرتی William M Lafferty بوو کە لێتوێژینەوەیەکی وای ئەنجام دا. لافەرتی پرۆسەی بەپیشەسایزکردن و هەروەها پرۆسەی بەدیموکراتیکردنیشی لە دانمارك، نۆروێژ و سوێد بەراوورد کرد، و لە ڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتیەوە لەو بەئەندامبوونەی دەستەی لایەنگرانی ترامێل ـی توێژیەوە. بە پلەی یەك ئەو سەرئەنجامگیریەی لێتوێژینەوەکەی لافەرتی ـ یە کە من لەم بەردەستخستنەی خۆمدا کردوومە بە بناخە. لافەرتی دەبینێت کە کاتێك کە سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ئەو جیاوازیە ئایدیۆلۆژیانەن کە لە نێو ئەو سێ پارتەدا هەن ئەوا فاکتەرە سیاسیەکان (بەدیموکراتیکردن) هەروەها هێندەی بارودۆخ و هەلومەرجە ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکان گرینگن. لافەرتی ئاماژە بە هەندێك شت دەکات لەوانە بەو بەدیموکراتیکردنە زووەی کە لە نۆروێژ ڕوویدا و بەو شێوەیەش ئەو لێکترازاندنە زووە کە لە نێوان ئاربایدەرپارتیەت و لیبراڵەکاندا ڕوویدا و کە وابەستە بەو ڕووداوانە بوو – ئەمە فاکتەرێکە کە هەروەها ئێدوارد بوڵ ـ یش سەرنجی داوەتێ. کاتێك کە لافەرتی سوێد و نۆروێژ بەراوورد دەکات دەبینێت کە ئەو پێداگرتنەی سەبارەت بە پێوەندی نێوان بەپیشەسازیکردنی خێرا لە یەکەی گەورەدا و ڕادیکالیزم لە بزووتنەوەی کرێکارییدا ناچێتە سەر ئاستیی سەرانسەریی وڵات؛ دەنا ئەگەر ئەو تێزە [تێزی بوڵ – گالیۆنسەن] دروست بووایە ئەوا سوێد کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا خاوەنی پیشەسازیەکی گەورەی خێرا دامەزراوە هەروەها خاوەنی ڕادیکالترین بزووتنەوەی کرێکارییش دەبوو.

ئەڵبەت لافەرتی دەتوانێت هەندێك پێوەندی لە نۆروێژ لە نێوان لە لایەکەوە لە کاریگەریی کۆچبارکردنی کرێکارانی دەرەوەی شارەکان لە بەشی خۆرئاوا بەرەو بنکە پیشەسازیە نوێیەکان – و بەو شێوەیەش دروستبوونی نیگەرانی و بێڕەگبوونی کۆمەڵایەتی پێکەوەبەستراو [لە ناو کرێکاراندا] – و لەلایەکی دیکەوە مەیلی ئەوان بۆ پێوەندیگرتن بە بزووتنەوەی ترامێلەوە ببینێت. هاوکات کە هەوادارانی ترامێل بە پلەی یەك ڕاستەوخۆ لە ترۆندەلاگ Trondelag و لە ڤێستلاندت Vestlandet لە بەشی ماسیگرتن و کشتوکاڵەوە دەهاتن، ئەوا ئاراستە مۆدێرنە کرێکاریەکە بنکەی توند و تۆڵی لە ناوچەگەلی کۆنی پیشەسازییدا هەبوو کە خاوەنی قەدێکی کرێکاری سەقامگیر و خوێندەوار بوو. لێتوێژینەوەی (ئانالیزی) پێشکەوتووی ئاماری لافەرتی لەم پێوەندیانە بە گشتیی کاریگەریەکی باوەڕداکوتەر بە خوێنەر دەدات، بەڵام لەوە دەچێت لافەرتی یەك فاکتەری گرینگی پشتگوێ خستبێت کە لە پشت سەرکەوتنی ئاراستەی ترامێلەوەیە، ئەویش ئەو فاکتەری هەبوونی سێنترالیزمە لە بزووتنەوەی سەندیکایی نۆروێژیدا. بە سێنرتالیستکردنێکی (ناوەندگیرکردنێکی) قایمی دەستەڵاتی سەندیکایی لە وڵاتێکدا کە تیایدا جوگرافیا ساختارێکی کۆمەڵایەتی ناسێنترالیستی (نانوەندگیری) سەپاندووە و هەبوونی نەریتگەلێك لە چالاکی و بزووتنەوەی کەنارئامێزی جەماوەیی، لە ناو بزووتنەوەی کرێکارییدا بارودۆخی سرووشتیی فەراهەم دەکات بۆ ئۆپۆزیسیۆنێکی ناسێنترالیست (ناناوەندگیر). ئەم بارودۆخانە لە سوێد نەبوون، لە سوێد مانگرتنە گشتیە گەورەکەی ساڵی ١٩٠٩ گەشە و گۆڕانی ڕووەو سێنترالیزم (ناوەندگیریی) وێستاند، و لە دانمارکیش ساختاری کەرتی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ سێنترالیزمی سەندیکایی کرد بە کارێکی نەشیاو.

**کۆتایی.**

هەروەك لە بنتێبینیەکەدا ئاماژەم پێکردووە، ئەم کتێبە ناوی "بزووتنەوەی کرێکاریی سکاندیناڤیایە "Skandinavisk arbetarrörelse".

Skandinavisk arbetarrörelse
Nils Elvander

Schmidts Boktryckeri AB, Helsingborg 1980